سەماحەتی حەکیم لە وانە ئەمەزانییەکی : بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن دیاردەیەکی مەترسیدارە پێویستە چارەسەر بکرێت

لەوانەیەکی ئەمەزانی دیکەدا، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە توێژینەوەی پێیامی مافەکانی ئیمام عەلی کوری حوسێن ئەلسەجاد (سەلاوی لە بێت) لەوە لە تیکی چوارەم و مافی دەیەم کە مافی نوێژکردنە باسی مەترسی بەهەند وەرنەگرتنی نوێژی کرد.
سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن دیاردەیەکی مەترسیدارە بەیە لەبەر ئەم هەکارە لەم وانەیە بایخێکی زۆر بەوە دەدەین، سەماحەتی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و چەندین فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست و چیرەك و بەسەرهاتی بە نموونە هێنایەوە لەسەر ئەهلی بەیت کە هەشیاری دەدەن لەسەر ئەو دیاردەیە و لە دەرئەنجامە خراپەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە.

لەو ئایاتە قوئانیانەی باس کرا لەم وانەیە:

قوله تعالى: "وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا" [المائدة 58]، "فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَوٰةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ" [مريم 59]، "وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلاَّ أَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ" [التوبة 54].

سەماحەتی حەکییم لە شرۆڤەکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا هەشداری لە سستی و بەهەند وەرنەگرتنی نوێژ کرد و باسی فەرموودەیەکی کرد کە دەڵێت " "ليس مني من استخف بصلاته" واتا لەمن نیە ئەوەی نوێژکەی بەهەند وەرنەگرێت، هەروەها ئیمام کازم دەڵێت "من استخف بالصلاة لا ينال شفاعتنا" واتا ئەوەی فشەی بە نوژکردن بێت شایەنی شفاعەتی ئێمە نییە.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بە گرنگی جێختکردنەوە لەسەرگرنکی نوێژ کرد و گوتی کە" کەمتەرخەمی لە ئاستی ژیانی دنیادا دەرئەنجامی گەورەی لەدکەوێتەوە، هەروەك ئاماژە بەوەشکراوە کە ئەو سیفەتانەی بەسەر ئەوانەدا دێت کە پشتگوێ دەخێن لە دنیا و قیامەتدا لەوانە: بەرزکردنەوەی بەرکەتی ژیان و بژێوی ژیان و تەسککردنەوەی گۆڕ و لێپرسینەوەی لە ڕۆژی قیامەت.

لەکۆتایی وانەکە سەماحەتی حەکیم باسی گرنگی هەشیاری کرد سەبارەت بە مەترسی بەهەند وەرنەگرتنی نوێژکردن، دووپاتی کردەوە کە پاراستنی نوێژ لە کات وساتی خۆیدا و بایەخدان پێی کۆکەبەکی سەرکی ئارامیی ڕۆح و کەمەگایە.